www.kurdistannet.org
18/07/2003 20:14

# زنجیر

**یاسین بانیخیلانی**

ئەو رۆژە لە هەموو رۆژەکان زیاتر هەستی بە تەنهایی و بێتاقەتی دەکرد، بۆیە دەستی برد دەفتەری تەلەفۆنەکەی کردەوە وەك کەسێك بە شوێن یەکێکدا بگەرێت و نەزانێت کێیە! . ئەو هەروایە، هەرکاتێك هەست بە تەنهایی بکات باشترین هاورێی ئەو دەفتەری تەلەفۆنەیە.

لاپەرە بە لاپەرە ناوەکانی هەڵدایەوە تا لەپرێکدا ناوی زەینەب کەوتە بەرچاوانی، کەمێك لەناوەکەی راما وەك بیر لە شتێك بکاتەوە یان دوو دڵ بێت لەناوەکە، کە چۆن تا ئێستا لەناو دەفتەرەکەیدا نەیسرییوەتەوە! . پاش رامان و بیرکردنەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: خۆ ئەو مافی خۆی بوو ئاوا بیری دەکردەوە ئیتر بۆ دەبێت من زویر بم و بۆ هەتا هەتایی پەیوەندی لەگەڵدا ببرم، باشتر وایە زەنگێکی بۆ بدەم و کەمێك دڵی بدەمەوەو کۆتایی بە ساردی نێوانمان بهێنم.

- هەلۆ
- بەڵێ فەرموو
- زەینەب خان خۆتی
- نەخێر من ئەو نیم، کێی جەنابت (بە دەنگێکی خەمبارییەوە) ؟
- من ئەمینم هاورێی زەینەب، ئەی جەنابتان
- ئاها تۆ چۆنیت، من لەیلام
- لەیلاخان تۆ چۆنیت، ئەوە چۆن تۆ وەڵامت دایەوە؟
- نازانم (بە هەڵکێشانی ئاخێکی قوڵەوە)
- ئەوە چی بووە، وا وەڵام دەدەیتەوە؟ ئەگەر شتێك هەیە پێم بڵێ.
- نازانم (بە قورگێکی پڕ گریانەوە)
- لەیلا بۆ قسە ناکەیت، ئەگەر شتێك هەیە پێم بڵێ، بەڵکو بتوانم یارمەتی بدەم، خۆ دیسان مەسەلە کۆنەکە نییە!

ئەم رستەیە کەمێك هێنایەوە سەرخۆ، وەك نهێنییەکی تر هەبێت و ئەو تا ئێستا لێی بێئاگا بێت، بۆیە بەپەلە گوتی: کام مەسەلە؟

- بۆ خۆت لەمن باشتر دەزانیت
- نا بروات هەبێت هیچ نازانم، چونکە ئەو زۆر شتی لە من دەشاردەوە
- بروا ناکەم، لەبەر ئەوەی ئەو زۆرجار باسی شەوانی خۆتانی بۆ دەگێرامەوە
- دیارە ئاگات لەهەموو شتێکە؟
- وەك تۆ نا، بەڵام ئەو لە کوێیە ئێستا
- نازانم (دیسان بە هەڵکێشانی ئاخێکەوە)
- هەست دەکەم شتێك هەیەو لە منی دەشاریتەوە
- نا نا ببورە، هەر بۆ خۆم کەمێك بێ تاقەتم و ئەویش لە ماڵەوە نییە (بە دەنگێکی کزو غەمبارەوە)
- کەواتە لەبەر ئەوەی کاتت نەگرم و زیاتر بێتاقەتت نەکەم، بە زەینەب بڵێ: ئەمین گەراوەتەوە بۆ ئێرە بە یەکجاری.
- ئەوە بەراستتە؟ ئەو زۆر خەفەتی خوارد بە رۆیشتنت لەم شارەو هەموو شەوێك وەك ورێنە بکات لەبەر خۆیەوە دەیگوت: رۆیشت ئیتر. . . .
- ئەوە بۆ دەگریت، چی بووە وا لە منی دەشاریتەوە؟
- زەینەب!
- زەینەب چی بۆ قسە ناکەیت؟
- خۆی کوشت!

www.kurdistannet.org
18/07/2003 20:14

– نا شتی وا نابێت! بۆ؟

– ناتوانم هیچ بڵێم: با یەکتر ببینین

– کەی و چۆن و لە کوێ؟

– تۆ باش ئاگات لە ژیانی ئێمە هەیەو پێویست ناکات بۆت باس بکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم سبەی فرسەتێك بقۆزمەوە.

– کەی و لە کوێ؟

– سبەی کاتژمێر چوار ژووانی پزیشکم هەیە، هەوڵ دەدەم پاشان یەکتر ببینین

– زۆر باشە من ئێستا لە شەقامی چەمی گوڵباخ، ژمارە شەش، قاتی چوار دەژیم و سبەینێ لە ماڵەوە چاوەنوارت دەکەم.

– زۆر باشەو پێم خۆشە هەندێك شتی گرنگ هەیە پێکەوە باسی بکەین

– زۆر باشە چاوەنوارم، کاتێکی خۆش

– بۆ تۆش هەروەها

پاش داخستنی تەلەفۆنەکە، وەك کەسێك بەردێکی قورس بدەن بەسەریدا خۆی دا بەسەر زەوییەکەدا و کەوتە بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژەی، کە دواجار بوو یەکتری ببینن و کۆتایی دانیشتنەکەش بە زویربوون کۆتایی هات. هەندێك قسە هەیە مرۆڤ لەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیکات، کەچی بە خراپە بەسەریدا دەشکێتەوە، قسەکانی ئەمیش بۆ ئەو هەر لەو ڕوانگەوە بوو، کە نەهێڵێت ئەو خوێرییە چیتر یاری بە هەست و چارەنووسی بکات، چونکە ئافرەت وەك گوڵ وایە تا زیاتر یاری پێبکەیت زوتر دەژاکێت!.

لەسەر زەوییەکە هەر گینگڵی دەداو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: چی وای لەمن کرد ئەم تەلەفۆنە بکەم؟ قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان لەتەلەفۆنەوە هەواڵێکی خۆشم پێنەگەیشت! ئەوە بۆ شەش مانگ دەچێت لەم شارە دوورکەوتومەتەوە، نازانم چی منی هێنایەوە بۆ ئەم شارە!.

ئەو شەوە تا بەیانی گینگڵی دەداو هەزارەها پرسیاری سەیرو سەمەرەی لەخۆی دەکردو دەرگای وەڵامی پرسیارەکانیشی بەسەر خۆیدا دادەخست، بەڵام ئەو پرسارەی، کە مایەی نیگەرانی بوو، نەیدەزانی بۆ لە لەیلای نەکرد هۆی خۆکوشتنەکەی بوو، چونکە ئەوەندەی ئەو زەینەبی دەناسی مرۆڤێکی زۆر بە هیوا بوو، یەکێك لە هۆکاری دوا زویربوونیشیان پەیوەندی بە گەشبینی ئەوەوە هەبوو!. ئەو بەردەوام پرسیار لە دوای پرسیار ماوەی هیچ بیرکردنەوەیەکی بۆ نەهێشتبووەوە، بۆیە وەك کەسێك پڕ بێت و بە یەکجار بتەقێتەوە، هەرئەوەندەی بۆ کرا وەك شێت بەپەلە وەدەرکەوت و ڕێگای سەر چەمەکەی نزیك ماڵەکەی گرتەبەرو ڕۆیشت لەسەر ئەو کورسیەی بۆ دواجار لەگەڵ زەینەبدا دانیشتبوو دانیشت. لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو، جاران سەر ئەم چەمە لەخەڵکی جمەی دەهات و مرۆڤ نەیدەتوانی لەسەیرکردن تێر بێت، سەیرکردنی ئەو مرۆڤە تەنهانەی، کە بەتەنها سەگێك شك دەبەن بۆ هاوڕێتی و پێکەوە لێرە یارییان لەگەڵ دەکەن، یا تەماشاکردنی ئەو کوڕو کیژە تازە عاشقانەی کە ئەوەندە بە حەسرەت و زەوقەوە یەکتر ڕادەمووسن قەستیانە بچنە ناو یەکەوە، یان ئەو مرۆڤانەی نان کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی لێرە دەرخواردی مراوییەکانی بدەن و چەندەها دیمەنی سەیرو سەمەرەتر، کەمرۆڤ لە بینینیان یا چێژ دەبینێت یا ڕشانەوەی دێت. . . .

لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، ئەوەندە سەری قورس بوو هەستی بە چۆڵی و تەنهایی خۆی لەو ناوەدا نەدەکرد، هەتا وەرینی سەگی کابرا بەو دارەی بۆ ناو ئاوەکەی هەڵدەدا بە ئاگای هێنایەوەو بە چواردەوری خۆیدا ڕوانی، جگە لەکابرایەکی پیرو کەنەفت بە دارەکەی دەستی یاری لەگەڵ سەگەکەیدا دەکرد هیچ کەسێکی تری نەبینی، بۆیە پاش سەیرکردنێکی کاتژمێرەکەی بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە هاتنەکەی لەیلا نزیك بوو بووەوە.

ئەو هێشتا لەیلای نەدیبوو، تەنها بە وێنە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگای زەینەبی خوشکییەوە هەموو شتێکی سەبارەت دەزانی، بەڵام کاتێك دەهاتە سەر ئەوەی داوای بینی لێبکات، یەکسەر دەیگوت: دەزانی کاتێك باسی تۆش بۆ لەیلا دەکەم، پێم دەڵێت: ئەوە بۆ جارێك پێم ناناسێنیت!.

لەسەر چەرپاکەی هەر بەو پرسیارە بێ وەڵامانەوە گینگڵی دەدا، لە پڕێکدا لە زەنگی دەرگاکەی درا، بەڵام کاتێك لە کاتژمێرەکە وردبووەوە، هێشتا کاتژمێر نەگەشتبووە سێی پاش نیوەڕۆ، بۆیە وەك ئەوەی هەست بکات یەکێك لە هاوڕێکانییەتی و ئەم دانیشتنەی ئەمرۆی لێ دەشێوێنێت، بڕیاریدا دەرگاکە نەکاتەوە، بەڵام بۆ چەندین جارو بە شێوەیەکی بێزارکەر لەزەنگەکە درا، ئیتر نەیتوانی

دەرگاکە نەکاتـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دابوو، هەرکەسێك بێت بە ڕاشکاوی پێی بڵێت: ئەمڕۆ میوانم دێت و کاتم نییە بۆ دانیشتن، بـەڵام ئـەوەی ئـەو چاوەنواڕی نەدەکـرد، وەك هەرجارێکی تر ئەوە بوو، کاتێك دەرگای ژوورەکەی کردەوە کچێکی گەنجی ڕەش پۆش لەبـەردەم دەرگاکەیدا وەك قەڵـەم چـەقی! . ئـەو هێشـتا لەبـەردەم دەرگاکـەدا بـوو ئەمیش وەك قاچەکانی چیتر تواناى هەنگاونانیان نەمابـێت و زمانیشـی لەقسەکردن وەستا بێت لە پشتی دەرگاکەوە بە حەپەساوییەوە لێی دەنواڕی تا لە پڕێکدا باوەشیان بەیەکدا کردو پێکەوە دایان لە قوڵپەی گریان.

پـاش ئـەوەی تێـر بەسـەر یـەکتردا گـریان ئـەمین دەسـتی لـەیلای گـرت و بردییە سەر قەنەفەکە داینیشاند و خۆیشی لە تەنیشتییەوە دانیشـت، بـەڵام لـەیلا هێشـتا بەخـوڕ فرمێسك لەچاوەکانییەوە وەك دەنکە هەناری سپی بەردەبوونەوە سەر گۆنای ژاکاوی، ئەویش بۆ ئـەوەی ژیـری بکاتـەوەو چـیرۆکی خوشـکەکەی بـۆ بگێڕێتەوە، بەلەپی دەستەکانی دەستی برد، گۆنای دەسڕی و داوای لێدەکرد چیتر نەگری و تازە هەرشتێك ڕوویداوە، گریان نایهێنێتەوە.

کەمـێك بـاری دەروونـی هەردووکیـان ئـارام بووەوە، ئەمین سەری ئەوی گرت و بە سنگییەوە لکاندو داوای لێکرد، کە چیرۆکی زەینەبی بۆ بگێڕێتەوە، لەدوای ئەوەی ئەو، ئەو شارەی بە جێهێشت.

– دوای ئـەو ئـێوارەی ئـێوە بـە زویـری یەکترتان بە جێهێشت، زۆر بە نارەحەتی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، تەنانەت نانی ئێوارەیشی نەخـوارد و ڕۆیشـت لـە ژوورەکـەی خۆی لەسەر چرپاکەی ڕاکشاو بەردەوام هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشاو هەندێ جار فرمێسك لەچـاوەکانییەوە بەردەبـوونەوە. چـەند جارێك من هەوڵمدا بیهێنمە قسەو بزانم چی ڕوویداوە، بەڵام نەیدەویست هیچ بڵێت. تا درەنگانـێك هـەروا مایـەوە، منـیش لـە بەرامـبەر ئـەو لەسـەر چەرپاکەم ڕاکشابووم، ماڵەوەشمان هەموویان نووستبوون. ئەو شـەوە بێدەنگییەکـی سـەیر ماڵەوەمانی تەنیبوو، هەناسە قوڵەکانی ئەو هەندێجار بێدەنگییەکی دەشڵەقاند. خەریك بوو خەو دەیـبردمەوە، گـوێم لـە هەناسـەیەکی یـەکجار قوڵی ئەو بوو، کە یەکەمجار بوو، بەو شێوە هەناسە بدات، کاتێکم زانی ڕاست بـووەوە، وەك مـرۆڤێك هەسـت بکات ئێستا نا کەمێکی تر دەخنکێت داوای پەرداخێك ئاوی لێکردم، منیش بەپەلە پەرداخێك ئـاوم بـۆ هێـناو لـێم پرسـی ئـەوە چییە؟ چـی ڕوویـداوە؟ بۆ وات لـێهاتووە؟ لـەمن زیاتـر تـۆ کـێت هەیـە ڕازەکانی خۆتی لا بگێڕیتەوە. . . ؟.

– نا کەسێکی تر هەبوو بەڵام لە کیسم چوو!

ئەو وەڵامەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو، من بیرم بۆ لای موحەمەد ڕۆیشت بۆیە لێم پرسی:

– بۆ ناشێت وازی لێهێنابێت؟

– کێ؟

– موحەمەد

– نا ئەو نا، ئەو چۆن واز لەمن دەهێنێت!

– ئەی کێیەو تا ئێستا من نازانم؟

– ئەمین

– ئەمین ئەو کوڕەی هەمیشەی باس و پەسنت دەکرد! ناشێت داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردبێت؟

– نـا ئـەو مـنی وەك هاوڕێیەك خـۆش دەوێـت و هەمـووجار دەڵـێت: نـازانم بـۆ تـۆم خـۆش دەوێـت! بەڵام ئەو نایەوێت لەگەڵ موحەمەدا بەردەوام بم.

– بۆ؟

– لەبەرئـەوەی نـزیکترین هاوڕێـی مـوحەمەد بـوو، بـەڵام تـا ئێستا نەیدرکاندووە بۆچی پەیوەندی لەگەڵیدا بڕیوە، جگە لەوەی دەڵێت: ساختەچی و درۆزنەو زۆر دەترسم دەستت ببڕێت، چونکە دەستی کەسانی تریشی بڕیوەو درۆت لەگەڵ دەکات.

– ئەی تۆ دەڵێیت چی؟

– مـن مـوحەمەدم خـۆش دەوێـت و هەمـوو جـاریش ئەوەی لێ دووبارە دەکەمەوە، کە منی بەڕاستی خۆدەوێت و درۆم لەگەڵدا ناکات! ئەو پێدەکەنێت، ئیتر ئەو پێکەنینە وام لێدەکات لەهەموو قسەکانم پەشیمان ببمەوە.

– جا ئەوە ئەوەندە دەهێنێت وا خۆتی بۆ نارەحەت بکەیت!

– بەڵێ: چونکە ئەم ئێوارە ئەمین پێی گوتم: بۆیە حەزمکرد بتبینم، من لەم شارە دەڕۆم و نازانم کەی دەگەڕێمەوە، ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ مندا وەك دوو هاوڕێ پەیوەندیت بمێنێت ئەوا واز لە موحەمەد بهێنە، منیش پێم گوت: بەداوای لێبووردنەوە، هەموو شتێك دەتوانم تەنها ئەوە نەبێت، ئیتر ئەویش دوا خواحافیزی کردو جێی هێشتم.

هێشتا سەری هەر لەباوەشی ئەمیندا بوو، لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی وەستاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بەڵام ئەمین داوای لێکرد بەردەوام بێت.

– ڕاستی من بەم چیرۆکە کەمێك پێکەنیم و گوتم: جا ئەوە کەی مەسەلەیەکە مرۆڤ بەو شێوە نارەحەت بکات، مادامەکێ تۆ موحەمەدت خۆش دەوێت و بڕیاری داوە بتخوازێت، ئەوە لە هەموو شتێك بۆ تۆ گرنگترە، بەم قسەیە کەمێك ئارام بووەوە وەك ئەوەی دڵنیا بێت، کە موحەمەد دەیخوازێت و درۆی لەگەڵدا ناکات.

ئەو قسانە بۆ ئەو هیچ بایەخێکی نەبوو، چونکە هەمووی دەزانی، بۆیە داوای لێکرد هۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

– چەند مانگێك بەسەر ئەو مەسەلانەدا تێپەڕی، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ هەستم دەکرد گۆڕاوەو وەك جاران قسەم لەگەڵدا ناکات، منیش زۆرجاران بۆ ئەوەی بیهێنمە قسە ناوی تۆم دەهێنا یەکسەر تووڕە دەبوو، ئیتر نازانم هۆی تووڕەبوونەکەی چی بوو!

ئەمین قسەکەی پێ بڕی و یەکسەر گوتی: دەزانیت منیش هەموو جار هەواڵی تۆم لێدەپرسی یەکسەر ڕەنگی دەگۆڕاو دەیگوت: تێناگەم لەوەی هەرکە من و تۆ یەکتر دەبینین، پێش هەموو شتێك هەواڵی لەیلا دەپرسیت، بێئەوەی تا ئێستا یەکترتان بینیبێت!

– ئەوە ڕاستە لەگەڵ منیشدا وابوو، بۆیە وەك خاڵێکی لاوازی ئەو هەمیشە بۆ هێنانە قسەکردن بەکارم دەهێنا.

– تۆ لەوە بگەڕێ بزانم بۆ خۆی کوشت؟

– وەك گوتم: ماوەیەك تەواو گۆڕابوو، زوو زوو تووڕە دەبوو، تا ئێوارەیەکیان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بێئەوەی لەگەڵ هیچ کەسێکماندا قسە بکات یەکسەر ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی و وەك کردبووی بە پیشە لەسەر چەرپاکەی ڕاکشا، ئەگەرچی من ماوەیەك لەو هەڵسوکەوتەی بێزاربوو بووم و نەدەڕۆیشتم بەلایدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئێوارە بە تەواوەتی ڕەنگی تێکچووبوو خۆم پێنەگیراو ڕۆیشتمە ژوورەکە دەبینم بەدەم گریانەوە بەرەنیسك دەدات، هەرکە منی بینی بانگی کردم و لەناو جانتاکەی، کە لە ژوور سەریەوە دانابوو زنجیرێکی ئاڵتون مەدالیایەکی پەپولەی پێوە بوو دایە دەستم و گوتی: ئەوە ئەو زنجیرەت پێشکەش بێت، دەزانم زۆرت حەز لێیە با یادگاری من بێت لەلات، چونکە من بڕیارم داوە خۆم بکوژم. . . .

– ببورە قسەکەت پێ دەبڕم زنجیرەکەت لایە؟

لەیلا سەری لە سنگی بەرزکردەوەو دەستی برد لەناو سنگییەوە لەژێر بلوزە ڕەشەکەی بەریەوە زنجیرەکەی دەرهێناو نیشانی دا! ئەویش وەك تەزوویەکی کارەبا بە لەشیدا بهێنن فرمێسك لە چاوانیدا قەتیس ما! ئەویش لەم هەڵوێستە سەری زۆر سوڕماو بەدەنگێکی خەمناکەوە گوتی: تکات لێدەکەم پێم بڵێ: نهێنی ئەم زنجیرە چییە!

بێئەوە هیچ وەڵام بداتەوە دەستی برد بە پەنجەکانی کەمێك یاری بە زنجیرەکە کردو چەند ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو داوای لێکرد، کە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بێت، بەڵام ئەو داوای لێدەکرد نهێنی زنجیرەکەی بۆ باس بکات.

دوای ئەوەی بەڵێنی پێدا نهێنی زنجیرەکەی بۆ بدرکێنێت، ئەویش دەستی بە تەواوکردنی چیرۆکەکە کرد. . . .

– ئەو هەرکە گوتی: بڕیارم داوە خۆم بکوژم یەکسەر قاقایەکی شێتانەم لێداو گوتم: خۆ شێت نەبوویت!

– نا شێت نەبووم، ژیان لای من کۆتایی هات.

سەرەتا من هەر بەڕاستی وام دەزانی گاڵتە دەکات، بەڵام کە بەردەوام قسەی دەکرد هەستم دەکرد دەنگی دەگۆڕێت و چاوەکانیشی دەنیشتن. پێم گوت: چییە، بۆ وات لێهاتووە؟ دەزانم ماوەیەکە گۆڕاویت وەك جاران قسەم لەگەڵدا ناکەیت؟

– وازم لێ بهێنە، تازە هەموو شتێك کۆتایی هات، ئەگەر دەتوانیت پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە وا خەریکە دەخنکێم.

لە ژوورەکە بەدەرکەوتم، ئەوەندە پەشۆکابووم نەمزانی هێشتا زنجیرەکە لە مشتمدایە، بۆیە بەپەلە خۆم بەو ژوورەدا کرد، کە کەلوپەلی زیادمان لێ دادەنا هەتا زنجیرەکە لە جێگایەکدا بشارمەوەو دایك و باوکم نەیبینن. لە بەختی ئەو برا گچکەکەم بە شوێنمدا هات، هەتا ئەو یارییەی لەسەر دۆلابەکە دانراوە بۆی دابگرم، بەوەشەوە نەوەستا تکای لێدەکردم لەگەڵیدا یاری بکەم، بەڵام من بۆ

ئـەوەی دڵـی ڕازی بکەم و زوو بگەڕێمەوە بۆ لای زەینەب هەتا ژوورەکەی خۆی لەگەڵیدا ڕۆیشتم و گوتم ئێستا دێمەوە بۆ لات، بەڵام تا مـن گەڕامـەوە ئـەو جگـە لەپـرخە پرخێکـی قـورس جـوڵەی تـیا نەمابـوو، ئـیتر خـۆم پـێ نـەگیرا دامـە قوڵپەی گریان و بانگم دەکردو ڕامدەوەشـاند هـیچ وەڵامێکـی نەبـوو، بـۆیە بـە قـیژەوە لـە ژوورەکـە بەدەرکـەوتم و هـاوارم کردە دایك و باوکم، کە تازە چووبوونە ناو ژوورەکەی خۆیان و گوتم: زەینەب خەریکە دەمرێت!

کاتـێك دایك و بـاوکم هاتـنە سـەری، هێشـتا هـەر بـە ئەسـتەم دەیپـرخاندو چـاوەکانی بـۆ پشـتەوە بەشێوەیەك هەڵگەڕابوونەوە مرۆڤ نەیدەتوانی یەك چرکە تەماشای بکات. باوکم پرسی: بۆ وای لێهاتووە؟

– نازانم من لە گەڵ عەلی برام لەژوورەکەی یاریمان دەکرد

بەپەلە تەلەفۆنی بۆ پزیشکی فریاکەوتن کرد. . . .

قورگـی پـڕ بـوو لـە گـریان و چـیتر نەیتوانـی باسـەکە تـەواو بکـات، بۆیە ئەمین دەستی کردە ملی و سەری بە سنگیەوە نوساند، هەتا کەمێك ئارامی بکاتەوە، بەڵام ئەو هەربەردەوام ئەوەندە بەحەسرەتەوە دەگریا دڵی ئەویشی پڕ لە گریان کردبوو.

چـەند چـرکەیەك بـە بێدەنگـی مانـەوە، مـرۆڤ هەسـتی بـە ئارامیـیەك دەکـرد، ئـەمین دەستێکی برد فرمێسکەکانی سەر گۆنای سڕی و بەدەسـتەکەی تریشـی دەسـتی بەسەرێدا دەهێنا، ئەمەش تا دەهات ئەوی ئارامتر دەکردەوە، بۆیە حەزی دەکرد زیاتر خۆی بە سنگی ئەمیـنەوە بنوسـێنێت، چـونکە ئارامییەکـی سـەیری پـێ دەبەخشی، کاتێك ئەمین هەستی بەمە کرد ڕوخساری بە نێوچاوانییەوە لکاندو زیاتـر لە ئامێزی دەگرت، ئەویش بەمە هەستی بە موچڕکەیەك دەکرد بەناو لەشیدا دەگەڕا، ڕەنگە هۆی ئەوە بوو بێت، کە یەکەم جارە لەشی پیاو بەر لەشی بکەوێت.

لـەیلا تـا دەهـات وەك منالێك حەزی دەکرد زیاتر خۆی بخزێنێتە ناو باوەشی ئەمینەوە، ئەویش لە ئارامبوونەوەی تەواوەتی دڵنیا بوو، دیسـان تکـای لێکـرد دوای ئـەوەی زەینەبـیان بـەرەو نەخۆشـخانە بـرد چـی ڕوویـدا بـۆی بگێڕێتەوە، ئەویش وەك ئەوەی مەسەلەکەی بیرچووبێتەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی: هەر ئەو شەوە لە نەخۆشخانە مرد

– ئەی پزیشك سەبارەت مردنەکەی هیچی نەگوت؟

– با، خۆی دەرمانخوارد کردبوو

– ئەی هیچ سەبارەت بەخۆدەرمانخواردنەکەی ڕوون نەبووەوە؟

– چۆن، بەڵام ناوێرم باسی بکەم

– بۆ ناوێریت!

– نا واز بێنە، تکات لێدەکەم

– باشە بەڵام حەزم دەکرد لە دەمی تۆوە شتێك ببیستم، چونکە خۆم بۆ مەسەلەیەك دەچم!

– مەسەلەی چی؟

– واز بێنە

– ئەگەر تۆ پێم بڵێیت، بەڵێنت دەدەمێ منیش پێت بڵێم.

– لەسەر ئەوەی موحەمەد وازی لێهێنا!

– چیییییییی! تۆ ئەمە لە کوێ دەزانیت؟

– ڕۆژێك برادەرێك لەگەڵ کچێکدا بینی بووی، لێی پرسیبوو: ئەی زەینەبت چی لێکرد؟ لەوەڵامدا گوتبووی وازم لێهێناوە.

– ئەی بێشەرفی بێ ئەخلاق

– دیارە تۆ ئەمەت نەزانیوە

– ئاخر من پێم گوتیت: ماوەیەکی زۆر وەك جاران قسەی لەگەڵدا نەدەکردم و باسی هیچی نەدەکرد.

– ئەی تۆ چی دەزانیت پێم بڵێ.

– ببورە ناتوانم (بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵەوە)

– ئەی خۆت بەڵێنت نەدا

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

– ئاخر دەترسم!

– لەچی دەترسیت؟

– لەکەس و کارەکەم!

– دیارە ئەوە نییە کە من باسم کرد

– نا، خۆزگە هەر ئەوە بوایەت

– دە، تکات لێدەکەم، بەو زنجیرە سوێند بێت بە مردنیش لە دەمم دەرنەچێت!

دیاربوو ئەو مەسەلەی زنجیرەکەی لەبیرچووبووەوە، بۆیە وەك شتێکی بە بیردا بێتەوە لەباوەشی خۆی ڕاپسکاندو گوتی: ئەی تۆ بەڵێنت نەدا نهێنی زنجیرەکەم بۆ باس بکەیت!

– باشە بۆت باس دەکەم بەمەرجێك تۆش، مەسەلەی خۆکوشتنەکەم بۆ باس بکەیت.

– دەزانی بۆ خۆی کوشت، چونکە. . . بڕوا بکە ناوێرم باسی بکەم

– کەواتە بڕوات بەمن نیە

– با بەڵام. . .

– بەڵام چی!

– لەبەر ئەوە سکی هەبوو!

– ئای خوێڕی، ئەوە پیشەی یەکەم جاری نەبوو، من ئا لەو کارە خوێڕییانەی ئەو دەترسام، بۆیە پەیوەندیم لەگەڵیدا بڕی.

– بەڵام، ئەوە نهێنییەکە لە نێوان من و تۆدا، چونکە ماڵەوە بەمە بزانن منیش دەکوژن!

– من سوێندم خوارد

– ئەی مەسەلەی زنجیرەکە

کەمێك وەستاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. . . . ساڵی پار لەبازاڕ یەکترمان بینی، زۆر سەرقاڵ بوو، لێم پرسی: چییە وا سەرقاڵیت؟

– لەیلای خوشکم دوو سبەی جەژنی لەدایك بوونی هەیەو نازانم چی دیارییەکی بۆ بکرم، ئەوەندەم خۆشم دەوێت ئەگەر ئەم هەموو شارەیشی بۆ بکرم هێشتا وا دەزانم هیچم بۆ نەکڕیوە.

– جا ئەوە کەی کێشەیە، من دیارییەکی بۆ هەڵدەبژێرم.

ئیتر پێکەوە کەمێك بە بازاڕدا چاومان گێڕا، بەرێکەوت ڕێگامان کەوتە سەر بازاڕێك لە جامخانەکەیدا هەمە جۆرە ئاڵتون و زیو دانرابوو لەگەڵ چەندین جۆر کاتژمێر. ئەو زنجیرە لەگەڵ چەند زنجیرێکی تر دانرابوو، بێئەوەی هیچ بیربکەمەوە یەکسەر گوتم: بەڕای من ئەو زنجیرە جوانترین دیارییە، کەچی ئەو گوتی: نا، من حەز دەکەم کاتژمێرێکی بۆ بکڕم، چونکە دوو زنجیری هەیە بەڵام کاتژمێری لەدەستدا نییە. ئەو هەر لەسەر کاتژمێر سور بوو، منیش لەسەر ئەو زنجیرە، ماوەیەك لەبەردەم بازاڕەکەدا بێنەو بەردەمان بوو، من گوتم: ئەگەر ڕێگا دەدەیت من ئەو زنجیرە لە لایەن خۆمەوە دەکەمە دیاری، کەچی ئەو تورە بوو، کەمێك سەرو چاوی دا بەیەکدا، منیش گوتم: مادامەکێ وایە با بە ئارەزووی تۆ بێت، کەچی هەر پاش کەمێك خۆی پەشیمان بووەوەو گوتی: جا بەناوی کێ و چییەوە دیاری بکەم؟ منیش گوتم: من دەیدەمە دەستی تۆ ئیتر بەناوی کێ و چی دیاری دەکەیت خۆت سەرپشکیت!

– بەڵام ئەو ئەمەی باس نەکردو هەریەکەم ڕۆژ لەملیدا بینیم زۆرم حەز لێکردو پێم گوت: پارەکەیت بۆ دەگێڕمەوە ئەگەر ئەو زنجیرەم بدەیتێ، بەڵام ئەو گوتی: تکات لێدەکەم باسی هەرچی دەکەیت باسی ئەو زنجیرە مەکە، چونکە ئەوە بەستراوە بەملمەوە، منیش وای بۆ چووم دیاری ئەو موحەمەدە خوێڕییە بێت، بەڵام. . . .

– بەڵام چی؟

– هیچ

کەمێك بێدەنگ بوون و لەیلا سەری نا بە شانییەوە، ئەویش بە پەنجەکانی یاری بەپەپولەکەی سەرسنگی دەکردو هەندێك جار پشتی دەستی بەر مەمکەکانی دەکەوت، لەیلاش تەزوویەکی خۆش بە ناولەشیدا دەهات، بۆیە تا دەهات زیاتر حەزی دەکرد سنگی لەدەستی

نـزیك بكاتەوە، ئەویش كاتێك هەستی بەمە كرد توند بەخۆیەوەی نوساندو ماچێكی سەریكرد. لەیلا وەك كەروێشك لە باوەشیدا گرمۆڵە بوو بوو، ئەویش دەستی بە پشتیا دەهێناو جار بەجارێكیش ماچێكی ناوچەوانی دەكرد.

– بۆچی حەزت كرد ئەو دیارییەم بۆ بكڕیت (ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت) ؟

– نازانم

– ئەی هیچ خۆشەویستییەكت بۆ من هەبوو

– ڕەنگە

– لەكەیەوە؟

– نازانم.

17. 7. 2003 Heidelberg

كوردستان نێت www.kurdistannet.org